السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خوای گەورە وەحی بۆ ناردووم بەوەی کە سادە بن بۆئەوەی هیچ یەکێک شانازی بەسەر یەکێکی ترەوە نەکات، وهیچ یەکێک ستەم لە یەکێکی تر نەکات

لە عیازی کوڕی حیمارەوە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ کە لە هۆزی بەنی موجاشیعە، دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەستا لە نێوماندا بۆ وتاردان، وبە درێژی فەرموودەکەی باسکرد وتێیدا هاتووە کە فەرموویەتی: «خوای گەورە وەحی بۆ ناردووم بەوەی کە سادە بن بۆئەوەی هیچ یەکێک شانازی بەسەر یەکێکی ترەوە نەکات، وهیچ یەکێک ستەم لە یەکێکی تر نەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا لە نێو هاوەڵانیدا بۆ وتاردان، لەو شتانەی کە فەرمووی: خوای گەورە وەحی بۆ ناردووە بەوەی کە واجبە خەڵکی لە نێو خۆیاندا سادە بن، ئەمیش بە ڕاخستنی باڵی مهیرەبانی بۆ خەڵکی وئاسانی وسادەیی لەکاتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا؛ بۆئەوەی هیچ یەکێك شانازی نەکات بەسەر کەسێکی ترەوە بە بانگەشەی مەزنێتی وخۆبەگەورەزانین وشەرەفمەندی بەهۆی ڕەچەڵەکی یان سامانی یان هەرشتێکی تر، وهیچ یەکێک ستەم لە یەکێکی تر نەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5497

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee